# ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان"دا

# عرض الشخصيات في رواية " ليالي آدم" لبيان سلمان

# Introducing Character in the novel of "The nights of Adam by Bayan Salman"

**مەریوان عومەر حسن[١]، ئاشتی حسین عارف[٢]**

[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

[٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، شاری چەمچەماڵ، هەرێمی کوردوستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: mariwan.hassan@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی(ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان") هەوڵدەدەین شێوازی ناساندنی کارەکتەر چ لەڕێگەی گێڕەرەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی کارەکتەرەکان خۆیانەوە بێت ڕوونبکەینەوە، چونکە تێگەیشتن لەو شێوازانەی کە لە ڕێگەیانەوە کارەکتەر دەناسرێت؛ یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی قووڵتر بڕوانێتە کارەکتەرەکان و ڕەهەندە جیاوازەکانیان شیبکاتەوە. ناساندنی کارەکتەر بە شێوەیەکی ورد وادەکات خوێنەر هەست بکات، ڕۆماننووس بەلێهاتوویەوە وێنەی کارەکتەرەکانی کێشاوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستن و دیاریکردنی چۆنیەتی ناساندنی کارەکتەرە لە نێو ئەم ڕۆمانەدا، هەوڵدەدات ئەوە دەربخات، کە ڕۆماننووس چ شێوازێکی لە بونیادنان و ناساندنی کارەکتەرەکان پەیرەوکردووە. توێژینەوەکەمان لە دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە شێوازی ناساندنی کارەکتەر لە ڕووی تیۆرییەوە کراوە، کە پێکدێت لە"چەمکی کارەکتەر، شێوازی ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆماندا"، لە بەشی دووەمدا ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆمانی ("شەوانی ئادەم"ی "بەیان سەلمان") خراوەتەڕوو، لە توێژینەوەکە سود لە تیۆری (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) وەگیراوە، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان خراوەتەڕوو. بەوەی زۆربەی کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە سەر شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ بونیادنراوە، چونکە کارەکتەرەکان ڕۆشنبیرن و پڕن لە وتن بۆیەخۆیان گوزارشت لە خۆیان بکەن.

**کلیلە وشەکان:** شێواز، ناساندن، کارەکتەر، ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ.

## ملخص البحث

بحثنا بعنوان (عرض الشخصيات في رواية " ليالي آدم" "لبيان سلمان")، ويحاول شرح طريقة تقديم الشخصيات سواء من خلال الراوي أو من خلال الشخصيات نفسها، لأن فهم طرق تقديم الشخصيات يساعد القارئ على النظر أعمق في الشخصيات وفهمها، من هذا المنظور تقدم هذه الدراسة عرض الشخصية ودورها في وصف الشخصية في عقل القارئ ، لأن عرض الشخصية بشكل مفصل يجعل القارئ يشعر بأن الروائي قد نجح في إعطاء صورة و هوية الشخصيات، الهدف من هذه الدراسة هو توضيح كيفية تقديم الشخصيات في هذه الرواية. يتكون بحثنا من جزئين. يتناول الجزء الأول طرق عرض الشخصيات نظريًا، بينما يتناول الجزء الثاني أساليب تقديم الشخصيات في رواية (ليالي آدم)، تستخدم الدراسة نظرية النقد الاجتماعي وأخيرًا عرضت النتائج في عدة نقاط، معظم الشخصيات في هذه الرواية مبنية على توصيف غير مباشر ، لأن الشخصيات مثقفة ومليئة بالقول للتعبير عن نفسها.

**الكلمات الدالة:** عرض، الشخصية، طريقة، مباشر، غير مباشر

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10502 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٣/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | mariwan.hassan@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.د. مەریوان عومەر حسن،م.ی. ئاشتی حسین عارف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

This study that is entitled "Introducing Character in the Novel of" THENIGHTS OF ADAM by BAYAN SALMAN" is an attempt to show the ways or methods of introducing characters either through narrators or through other characters in the novel. It is believed that understanding the different methods of introducing characters helps the readers of novels to understand the characters better and have deeper knowledge about them. From this perspective, this study presents the presentation of the character and its role in describing the character in the mind of the reader, because the presentation of the character in a detailed way makes the reader feel that the novelist has succeeded in giving an image and identity. The aim of this study is to demonstrate how the characters are presented in this novel. The study uses the theory of social criticism

This study consists of two major parts. In part one, the styles or methods of introducing characters are presented theoretically. In chapter two, the methods of introducing characters in THE NIGHTS OF ADAM. The study is ended by presenting the conclusion of the study through numerous points, Most of the characters in this novel are based on indirect characterization, because the characters are intellectuals and full of saying to express themselves.

**Keywords:**, Introducing , Character، method, indirectly, directly.

## پێشەکی:

ڕۆمان وەک ژانرێک لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت؛ یەکێک لەو ڕەگەزە گرنگانە کارەکتەرە، کە تەواوی ڕەگەز و تەکنیکە هونەرییەکانیتر لە خزمەتی دەرخستنی جیهانبینی و هەڵوێستەکانی ئەودان لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکان. بۆیە ناساندنی کارەکتەر لە نێو ڕۆماندا ئەرکێکی یەکجار قورسە بۆ خودی ڕۆماننووس، ئەم قورسییەش لە چۆنیەتی خولقاندن و چۆنیەتی ڕۆڵپێدان و ناساندنی کارەکتەر بەرجەستە دەبێت، بە جۆرێک دەبێت خوێنەر وێنەیەکی ڕوونی کارەکتەر لە زەیندا بەرجەستەبکات لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ئەم لایەنەی کارەکتەر کراوە. توێژینەوەکە بە پێی میتۆدی (وەسفی-شیکاری)ئەنجامدراوە. هەروەها لە توێژینەوەکە سود لە تیۆری (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی) وەگیراوە. لەسەرەتادا کار لەسەر شێوازەکانی ناساندنی کارەکتەر لە ڕووی تیۆرییەوە لە نێو ڕۆماندا کراوە، بەوەی شێوازی ناساندنی ڕاستەوخۆ چییە؟ و شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ چییە؟ دواتر لە ڕێی شیکردنەوەی نموونەی نێو ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)ەوە بە شێوازێکی پراکتیکی ڕوونکراونەتەوە و چونیەتی ناساندنی کارەکتەر لە نێو ڕۆمانەکە خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم/ ١-شێوازی ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆماندا:

### ١-١ چەمکی کارەکتەر:

کارەکتەر زاراوەیەکە لە جیهانی شانۆوە هاتووەتە ناو دنیای ڕۆمانەوە؛ وشەی "Character" ئینگلیزییە و بە واتای ئەوکەسە دێت کە ڕۆڵێك لەسەر تەختی شانۆ دەنوێنێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا بە تایبەت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی شانۆیی و دەروونناسیدا بۆ زاراوەی کەسێتی بەکاردێت." (ئیبراهیم، ٢٠١٦: ٢٤). هەرچی دەربارەی کارەکتەرە لە دەقی ڕۆماندا، کارەکتەر بەرهەمی کۆی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤێکە، هەموو ئەو شتانەی دەتوانرێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بەوردی لە ژیانی کارەکتەردا بزانرێت، لە پاڵیدا پێناسی تایبەتی هەر کارەکتەرێک لەناو دەقی ڕۆماندا دروستدەکەن.

نووسەران لە ڕوانگەی جیاوازەوە باسیان لە کارەکتەر و پێکهاتەی ئەم توخمە کردووە، لە پێناسەی بونیادگەرەکاندا بۆ کارەکتەر، ئەوان

وەک دیاردەیەکی زمانی دەڕواننە ئەم ڕەگەزەی ڕۆمان، "فۆستەر" لەو باوەڕەدایە "کارەکتەر بارستەیەك وشەیە ڕۆماننووس سازیدەکات و ناوی لێدەنێت و ڕەگەزی دیاریدەکات، هەروەها شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژێرێت و وای لێدەکات بدوێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵسوکەوتبکات." (فوستر، ١٩٩٤: ٣٧). کەواتە ڕۆماننووس وێنەی کارەکتەر دەکێشێت و هەموو ڕەهەندەکانی ئاشکرادەکات و بەپێی ڕەوتی ڕووداو هەنگاو بە هەنگاو پەرەی پێدەدات، هەر بۆیە بونیادگەرەکان وەك پێکهاتەیەکی زمانی سەیری کارەکتەر دەکەن، پێیانوایە کارەکتەر لە ڕۆماندا ناتوانێت لە دەرەوەی سیستەمی زمان درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بۆیە ئەو کەسێتییە هیچ بوونێکی لە دەرەوەی تێکستەکەدا نییە، بە واتەیەکی دیکە تێکستەکە بەسەر خۆیدا داخراوە و قایل و هەم پابەندی یاسا تایبەتەکانی ناو خۆیەتی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین کارەکتەر لە ڕۆماندا زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتووە و ژیانیشی تەنها لە ڕووی لاپەڕەکان بەسەردەبات.

"فلیپ هامۆن" لە ڕوانگەی خوێنەرەوە دەڕوانێتە کارەکتەر و پێیوایە خوێنەر خوڵقێنەری کارەکتەرە لەناو دەق ڕۆماندا دەڵێت"پێکهاتەیەکە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەوە دروستیدەکات نەك لە ڕێگای دەقەوە." (عزام، ٢٠٠٥: ١١). واتە بەپێی ئەم بۆچوونەی هامۆن کارەکتەر مۆرفیمێکی بەتاڵە و خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە بە واتا و دەلالەت پڕیدەکاتەوە، لێرەشدا بونیادی کارەکتەر بەپێی جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری و پاشخانی خوێنەر و شیکردنەوەی بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دروستدەبێت و دەگۆڕێت. هەندێکی دیکە لە نووسەران لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕووداوەوە تەماشای کارەکتەر دەکەن و پێناسەی دەکەن، چونکە کارەکتەر بکەرێکە کاریگەریی لەسەر ڕووداو هەیە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان پەیوەندیی بەوەوە هەیە، لە ڕێی وەسفی ئاکار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیەوە شێوەکەی دەردەکەوێت، لە ڕێی گێڕەرەوە تایبەتمەندیی دەروونی و جەستەیی ئەو وەسفدەکرێت.

سەبارەت بە سەرچاوەی کارەکتەر هەندێک لە نووسەران "واقیع بەسەرچاوەیەکی گرنگی دامەزراندنی کارەکتەر دەزانن، هەروەها بروایان بەوە هەیە کە کارەکتەر دەمامکی جۆراو جۆری نووسەری ڕۆمانە و لە پشتی ئەوانەوە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە لە ڕێی ئەوانیشەوە خەون بە خۆیەوە دەبینێ." (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩: ١١). ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کارەکتەر وەک توخمێکی هونەری چەند لە ڕۆماندا گرنگە، ئەوەندەش بەلای خودی ڕۆماننووسەوە گرنگە، چونکە ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە خوێنەر بەکاریاندەهێنێت.

هەندێکی دیکە لە نووسەران پێیانوایە ناکرێت کارەکتەر کۆپی واقیع بێت، بەڵکو لە نێو ڕۆماندا دەبێت بەشێوەیەکی هونەری سەیربکرێت، بۆیە"ڕۆماننووسی بەتوانا ناخوازێ کەسانێك دروستبکات، کە دەقاو دەق نمونەیان لە ژیاندا هەبێ و ئاسایی بن، ئەمە ئەرکی ئەدیب و هونەرمەند نییە، بگرە لەسەر لاپەڕەکاندا کەسایەتی پڕ ژیان و زیندوو دروستبکات." (خەیات، ٢٠١٩: ٣٥). واتە ئەرکی ڕۆماننووس گواستنەوەی واقیع بۆ ناو ڕۆمان نییە، بەڵکوو پێشکەشکردنی کارێکی هونەرییە، هونەریش بریتی نییە لە پیشاندانی واقیعی بەردەست یان گوزارشتکردن لە هەندێک هزری پێشینە، بەڵکوو دووبارە داهێنانەوەیەتی.

## ٢-١ ناساندنی کارەکتەر لە نێو ڕۆماندا:

ڕۆماننووس تەکنیکی جیاجیا بە کاردێنێ، بۆ ئەوەی وابکات کارەکتەرەکان جێگەی سەرنج بن، هەندێکجار ئەم تەکنیکانە بەپێی شێوازی نووسین دەگۆڕێت، تێگەیشتن لەو ڕێگەیانەی کە بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی کارەکتەر بەکاردێت، یارمەتی خوێنەر دەدات بە شێوەیەکی قووڵتر لە کەسێتی و سایکۆلۆجیای کارەکتەر بگات، ڕۆماننووس بۆ قەناعەتپێکردن و سەرنجڕاکێشان و تێکەڵکردنی هەست و سۆزی خوێنەر بە کارەکتەر هەوڵدەدات وێنەی کارەکتەر بە خوێنەر ئاشنابکات.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لە بابەتی کارەکتەری هونەرییدا دێتە بەرباس، چۆنییەتی ناساندنی ئەم ڕەگەزە گرنگەیە لە ناو ڕۆماندا، هەربۆیە وێناکردنی کارەکتەر بەهایەکی هونەریی زۆر گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی خوێنەر پێویستی بە کارەکتەرێکی زیندوو و ئاخێوەرە بە چاو ببینێ، جۆرێك لە ڕاستگۆیی تێدا بێت، هەست بە سروشتی ڕاستەقینەی بکرێت و زیندوویی ژیان لە میانەی کارەکتەرەکانی ناو دەقەکەوە بەدیبکرێت، واتە ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆماندا پێویستی بە توانای ڕۆماننووسە. بێگومان ناساندنی کارەکتەر بەپێی قۆناغی ئەدەبییش

گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، "لە ڕۆمانی ئەدەبیاتی ڕیالیزمدا کەسایەتییەکان نموونەی هەڵوێست بوون، ژیانیان وەکو خۆی دەخستەڕوو، لە ڕووی خستنەڕووی کارەکتەرەوە، پەیوەندیی بە هەستی مێژووخوازی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، کە ڕۆماننووس دەیویست لەڕێی ئەوانەوە گوزارشت لە دابونەریت و ململانێکانی سەردەمەکە بکات، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا کارەکتەر بە پێچەوانەی ڕۆڵی پێشوویەوە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە تەنیا گوزارشت لە هەست و هەڵچوونە خودییەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی کارەکتەرن، واتە کێشە و ململانێ و حەز و خولیاکانی ناخ و دەروون لەگەڵ دەوروبەر دەخرێتەڕوو"،(حەمە بچکۆل،٢٠١٩:٨٢). ڕۆماننوس دەبێت شێوازی تایبەت و گونجاو بەکاربهێنێت بۆ ناساندنی کارەکتەرەکان.

شێوازی ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆماندا چەند جۆرێکە، هەر جۆرێکیش خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، باوترینیان شێوازی ڕاستەوخۆ و شێوازی ناڕاستەوخۆیە لە ناساندنی کارەکتەردا، لە کارەکتەرسازییدا دوو جۆر شێواز بەکاردەهێنرێت، "یەکەمیان کارەکتەرسازیی ڕاستەوخۆ و دووەمیان کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆیە، لە یەکەمیاندا نووسەر بە شێوەیەکی سادە و روون دەڵێ، کە پاڵەوانی چیرۆکی ئەو چ جۆرە مرۆڤێکە، بەڵام لە دووەمیاندا بە پێشاندانی ڕەفتار و گوفتار و کارەکانی کارەکتەری ناو چیرۆك، ئێمە بەوان ئاشنا دەکات، نووسەران سوود لە هەردوو شێوازەکە وەردەگرن بۆ ناساندنی کەسەکانی ناو چیرۆکەکانیان"،(ئەڵوەنی،٢٠٠٩:١١٥). لە نێو دەق ڕۆماندا ڕۆماننووس سود لە هەردوو شێوازەکە وەردەگرێت و بەکاریاندەهێنێت، هەندێکیتر لە نووسەران بە شێوازی (شیکاری و نواندن) ناوی دەبەن بەوەی"ڕێگای شیکاری تێیدا ڕۆماننووس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەسێتییەکان بەهۆی گێڕەرەوەیەك یان کەسێتییەکی تری نادیار، کە ئەرکی پرۆسەی گێڕانەوەی خراوەتە ئەستۆ پێشکەش دەکات، و لەمیانەی ئەو ڕێگەیەدا خوێنەر هیچ ئەرکێکی پێویست نییە بۆ ناسینی ئەو کەسێتییانە، چونکە بە ئاسانی هەموو هەڵسوکەوت و سیفەتەکانیان بەرجەستەدەکات"، (خەیات،٢٠١٩:٤٢). لەم ڕێگەیەدا نووسەر بوار ناداتە خوێنەر کە بەدوای زانیارییدا لە بارەی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەرەکانەوە بگەڕێ، چونکە کارەکتەر بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بە ئامادەکراوی پێشکەش دەکات، بەڵام ڕێگەی ناڕاستەوخۆ، ڕۆماننووس دوورەپەرێز دەوەستێت لەوەی دەست بخاتە نێو ڕوونکردنەوەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی، ئەمەش وادەکات نووسەر بێلایەن دەوەستێت بوار بە کارەکتەرەکان دەدات کە گوزارشت خودی خۆیان بکەن، ئەم ڕێگەیە شێوازی درامیشی پێدەوترێت، کە تیایدا کارەکتەرەکان لە ڕێی کردارەکانی خۆیانەوە دەخرێنەڕوو.

## ١-٢-١ ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆ:

لەم شێوازەدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان، شیکردنەوە بۆ هەست و سۆز و هزرو بیروبۆچوونی کارەکتەر دەکات و بەدواداچوونیش بۆ بەشێك لە هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان دەکات، هەروەها ڕاڤە بۆ بەشێکی دیکەیان دەکات. ناساندنی کارەکتەر بەم جۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر پێشوەختە هەموو شتێك لەبارەی کارەکتەرەکانەوە بزانێت، " ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی ڕەگەزی چێژوەرگرتن لەلای خوێنەر بۆ ناسین و دۆزینەوەی سیفەت و کەسایەتی کارەکتەر، چونکە حیکایەتخوان هەموو کۆدی ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر ئاشکرادەکات و هیچ بوارێکیش بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە، بۆئەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی تازە لە بونیادی کارەکتەرەکە بدۆزێتەوە، بە جۆرێک پێویست ناکات خوێنەر جارێکیتر هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ ڕەهەندەکانی کارەکتەر بکات، "(عومەر، ٢٠١٥:٦٠). ئەم شێوازە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەی بابەتییەوە هەیە، بە واتەیەکی دیکە"ئەم جۆرە کارەکتەرسازییە بابەتییە لە بەستنەوەی گێڕانەوە بە ڕابردووی کارەکتەرەوە سەرچاوەی گرتووە، حیکایەتخوان لە چەشنی هەواڵدا دووبارە بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە"،(ئەڵوەنی،٢٠٠٩:١٢٥). واتە بینین و وێنەکێشانی کارەکتەر لە دەرەوەی ڕووداوەکاندایە، حیکایەتخوان خۆی وەک کامێرا تەنیا لە دەرەوە ڕووداوەکانی پێش چاوی تۆمار دەکات، لەم حاڵەتەدا حیکایەتخوان هیچ کورتکردنەوەیەک یان گشتاندن یاخود بڕیاردان و هیچ جۆرە دەستتێوەردانێک لە هەستی کارەکتەر ناکات و تەنیا وەسفی دیمەنەکان دەکات، ڕەفتار و قسەکانیان تۆماردەکات، لەلایەکی دیکەوە ناساندنی کارەکتەر بەمشێوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆمانەکە لە هونەری درامی دووربکەوێتەوە، کارەکتەر بە شێوەیەکی وەستاو پێشانی خوێنەر بدات.

وەسف ڕێگایەکی ڕاستەوخۆیە. کە ڕۆماننووس لە وێناکردنی کارەکتەر لەم شێوازەدا پەیڕەوی دەکات، ئەمەش بە واتای وێناکردن و وەسفکردنی کارەکتەر لە دیوی دەرەوە، زۆربەی نووسەران ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردنی دیوی دەرەوە و سیما و جەستەی کارەکتەر، هەروەها وێناکردنی هەست و سۆزی کارەکتەر بە کورتی، "وەسف بووە بە توخمێکی بنەڕەتی لە هونەری ڕۆمانی هاوچەرخدا"،(قاسم،١٩٨٤: ١١٢). ئەرکی ڕۆماننووس، وێنەکێشانی کارەکتەرەکانە، ئەم وێنەکێشانەش بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی وەسفەوەیە، وەسف وێنەگرتنی زمانییە، وێنەی شتی بینراو و نەبینرار دەگرێت، بە وشە دایدەڕێژێت و لە شێوەی داڕشتندا پێشکەش دەکرێت، لە ڕێگەی کۆپلە وەسفییەکانی ناو ڕۆمان، ئاستی ڕۆشنبیریی و هەڵوێستی سیاسی و ڕەوشت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ڕووندەکاتەوە، هەروەها جیاوازی بیروباوەڕیان دەخاتەڕوو، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە هەندێک دیکە لە نووسەران پێیان وایە پێشکەشکردنی کارەکتەر لە ڕێی ڕووداوەوە پەسندترە لەوەی لە ڕێی وەسفێکی ڕاستەوخۆوە بە خوێنەر بناسرێت، چونکە" کەسێتی ناو ڕۆمان دەبێت وردە وردە لە ئەنجامی پراکتیکدا سیفەتەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، واتە بە هەقی خۆی بیگاتێ و لە ئەنجامی ئەو سیفەتانەوە بێت کە ڕۆماننووس دەیخاتە پاڵی"، (ئەڵوەنی،٢٠٠٩: ١٥٢). جۆری وەسفی کارەکتەرەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جۆری جێناو و گۆشەنیگای بەکارهاتووەوە هەیە، ئەمەش هانمان دەدات، کە لە ڕووی بونیادەوە تەماشای وەسفەکان بکەین و بزانین لەناو تەونی هونەریی ڕۆمانەکەدا چۆن بونیادنراوە و بە چ شێوازێک لە لایەن حیکایەتخوان و کارەکتەرەکانی ترەوە پێشکەشکراوە.

شێوازێکی دیکە، کە بەکارهاتووە ئەویش بەکارهێنانی کارەکتەرێکی بەشدارە لە دەقەکەدا بۆ وەسفکردنی کارەکتەرێکی تر، هەندێک لە نووسەران پێیان وایە ئەم شێوازە بە ڕێگەی شێکاری ناڕاستەوخۆ دادەنرێت"بۆ خستنەڕوو و چۆنیەتی مامەڵەکردنی کارەکتەرەکانی دیکە و تێڕوانینیان بۆ کارەکتەری بەرامبەر، چ وەك خۆدواندن یان گێڕانەوە بێت بۆ کارەکتەرێکی دیکە"،(ئیبراهیم،٢٠١٦: ٦٤)، گرنگی ئەم جۆرە لە ناساندنی کارەکتەر لە دەقدا بە جۆرێکە"لەوانەیە پێشکەشکردنی کارەکتەر لە ڕوانگەی کارەکتەری دیکەوە ئەگەر لێزانانە بونیادنرابێت، زیندوویتی و سەرنج ڕاکێشی بە ڕۆمانەکە بدات و شاراوەترین و جوانترین و ناشیرینترین بنەمای ڕۆحی کارەکتەر بخەنە بەردەم خوێنەران و ببێتە هۆی ئەوەی کە دەنگی کارەکتەرەکان بیستراوتربێ تا ڕادەیەکی گونجاویش ئازادیی بۆ جوڵە و بیرکردنەوەی ئەوان فەراهەم بکات، (ئەڵوەنی ،٢٠٠٩: ١٤٦).

### ١-٢-٢ ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ:

ڕێگەی دووەمە بۆ وێناکردن و ناساندنی کارەکتەر، لەم ڕێگەیەدا ڕۆماننووس ڕێگەخۆشدەکات بۆ کارەکتەری ناو دەق گوزارشت لە بیروبۆچوون و هەستی خۆی بکات، ئەمەش وادەکات خوێنەر ڕووبەڕووی زانیاری و چوارچێوەیەکی ئامادەکراو نەبێتەوە لەبارەی کەسێتی و ڕەهەندەکانی کارەکتەرەوە،"لەم شێوازەدا گۆشەنیگای حیکایەتخوان سنورداره و تەنیا ئەوەی ئەیبینێ یان دەتوانێ ببینێ پێشاندەدات، شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەش شێوەی درامییە، لەم شێوازەدا لە پارەوە/بەشەوە سەیری گشت دەکرێت، پاژ دەلالەت لە گشت دەکات"، (ئەڵوەنی،٢٠٠٩: ١٣٩). بە واتەیەکی دیکە یەکێك لە کارەکتەکان گوزارشت لە هەست و خەونەکانی خۆی دەکات، لە ڕێی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاکی قسەکەر، ئەم ڕێگایە بەراورد بە ڕێگای ناساندنی ڕاستەوخۆ گونجاوترە، چونکە ئازادیی زیاتر بەکارەکتەر دەدرێت تا ناخ و ئازاری خۆی دەربڕێت، ئەمەش وادەکات کارەکتەرەکان خاوەن دەنگی خۆیان بن، چونکە ڕۆماننووس ڕێگەخۆشدەکات بۆ کارەکتەر تا گوزارشت لە ئارەزووەکانی خۆی بکات، کەسێتی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکات لە ڕێگەی کارو کردەوەکانییەوە لەبەرئەوە لە شێوازی ناڕاستەوخۆدا زۆر لە شێوازی شانۆیی نزیک دەبێتەوە.

ئەم شێوازە ئەرکێکی قورس ناخاتە سەرشانی ڕۆماننووس بۆ ناساندنی کارەکتەرەکان، بەڵکو لە بەرامبەردا بوار بە خوێنەر دەدات کە بە پێی پاشخانی هزریی و تێگەیشتنی بۆ دەقەکە درک بە ڕەهەندە جیاوازەکانی بونیادی کارەکتەر بکات، ئەویش لە ڕێگای بەشداریکردنی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، بە واتەیەکی دیکە لەم شێوازەدا ڕۆماننووس" کارەکتەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا لە شێوەی مۆرفیمێکی بەتاڵدا پێشکەش بە

خوێنەر دەکات ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو مۆرفیمە بەتاڵەش لە ماناو دەلالەت بۆ ناسینی کەسایەتی و ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر دەخاتە ئەستۆی خودی خوێنەر بەوەی خوێنەر دەبێت هەنگاو بە هەنگاو بەدرێژایی ڕەوتی ڕووداوەکان چاودێری کەسێتی و ڕەهەندەکانی کارەکتەر بکات، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ڕۆمانەکەش شارەزایی تەواوی کارەکتەر دەبێت و وێنەکەی لە مێشکیدا دروست دەبێت"،(عومەر، ٢٠١٥: ٦٣). بێگومان ئەم وێنانەش لە ڕێگەی کردارەکانی کارەکتەرەوە دروست دەبێت، چونکە کاتێک ڕۆماننووس ڕێگە بە کارەکتەر دەدات خۆی پێشکەشبکات، یەکێک لە بنەماکانی ئەوکار وکردەوانەیە، کە کارەکتەر لە ناو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا ئەنجامی دەدات، بۆیە کاروکردەوە ڕۆڵی گرنگی لە ناساندنی کارەکتەردا هەیە، ناسینی کارەکتەر لەم ڕێگەیەوە دەبێتە هۆی زیاتر قەناعەتپێهێنانی خوێنەر بە ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر، پێشکەشکردنی کارەکتەر بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یا لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە خۆیمان پێدەناسێنێ، یاخود لە ڕێگەی کارەکتەرێکی دیکەی ناو دەقەکەوە کارەکتەر بە خوێنەر دەناسێنێت.

یەکێک لەو شێوازە گرنگانەی کە لە ڕۆماندا دەبێت بایەخی پێبدرێت، چۆنییەتی ناسین و پێشکەشکردنی کارەکتەرە لەسەر زاری کارەکتەر خۆیەوە، واتە ڕۆماننووس ڕێبدات بە کارەکتەر بۆئەوەی خۆی گوزارشت لە خودی خۆی بکات بێ ئەوەی حیکایەتخوان ئەم ئەرکە لە ئەستۆبگرێت، ئەم کردارە ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی کارەکتەرسازیی، بە ڕێگەیەکی گرنگ و نوێ دادەنرێت، چونکە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارەکتەر دەبێت بێ دەستتێوەردانی نووسەر. کاتێک کارەکتەر لە ڕێگەی جێناوی(من) گفتووگۆ دەکات یان ڕووداو دەگێڕێتەوە، بەمەش گێڕانەوەکە دەبێتە گێڕانەوەیەکی خودیی، ئەمەش وادەکات کارەکتەر زیاتر لە دەروونی خوێنەرەوە نزیک بێت و هەستبکات ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارەکتەر دەدوێت، گرنگی ئەم شێوازە وای لە هەندێک لە ڕەخنەگران کردووە پێیان وابێت ڕۆماننووسی ڕاستەقینە ئەم شێوازە بەرجەستە دەکات لە دەقەکەیدا لەوانە (ئەندریە جید)دەڵێت"ڕۆماننووسی خراپ لە کاتی بونیادنانی کارەکتەردا، کارەکتەرەکە ئاراستە دەکات و وای لێدەکات بدوێت، بەڵام ڕۆماننووسی حەقیقی کاتێک کارەکتەرەکە هەڵسوکەوت دەکات، ئەو گوێی لێدەگرێت و چاودێری دەکات"، (شێخانی،٢٠١٢: ٢٧).

لەم شێوازە لە ناساندنی کارەکتەردا " گفتووگۆ ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسینی کارەکتەر زیاتر لە ڕێگەی گفتووگۆی نێوان کارەکتەرەکانەوە بێت"،(ئەلوەنی،٢٠٠٩: ١٤١). ئامانجی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی دیالۆگ ئەوەیە کە هەست و سروشتی کارەکتەرەکان بە هۆیەوە بگوازێتەوە بۆ خوێنەر، دیالۆگ ڕێگەیەکی گرنگە بۆ جوڵاندن و ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان، گوزارشتە لە کاردانەوەی کەسایەتییەکان و ناخ و دەروون و هەڵوێستیان، جا ئەم کاردانەوەیە چ سایکۆلۆجی یان بایۆلۆجی یان کۆمەڵایەتی بێت، هەربۆیە"دیالۆگ پێوەرێکی دەروونیی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونی کارەکتەرەکانی هەیە بە بلیمەتی و بە ڕاستگۆیانە، جگە لە وێناکردنی و پەرەپێدانی ڕووداو"( الطالب ،١٩٧١: ٥٧). چونکە لە دیالۆگدا هەر کارەکتەرێک دەبێتە خاوەن دەنگ و بۆچوونی تایبەتی خۆی، بەو واتایەی دیالۆگ گوزارشت لە بیروبۆچوون و ئاستە جیاوازەکانی ئاگایی کارەکتەر دەکات، بۆیە لە ڕێگەی دیالۆگەوە کارەکتەر ناسنامەی خۆی لە زۆر بواردا بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات.

یەکێک لە شێوازەکانی خستنەڕووی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە گفتووگۆی ناوەوەیە، واتە قسە لەگەڵ خۆکردنە لەناخەوە، بەبێ دەنگ و تەنیا و لە زەیندا، پەنابردن بۆ ئەم تەکنیکە بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی مەنەلۆگ خۆی دەبینێتەوە لە" گوزارشتکردن لە کێشە و بیرەکان بە زەنجیرەیەکی لۆجیکی و بێ کەموکوڕی، هەروەها خستنەڕووی دنیای ناوەوەی کارەکتەر بێ دەستتێوەردانی نووسەر لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و وەسفکردنەوە بێ ئەوەی کەمترین و بچووکترین دەستتێوەردان لە کارەکەدا بکات"(سەعید،٢٠١٣: ١٥٠). مەنەلۆگ پەیوەندیی نزیکتر و واقیعتر لە وێنەکێشانی بزاوتی هەستەکان لە زەینی کارەکتەر بە دیدەهێنێ، مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگی ناڕازی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، ڕاسترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێت بە ئاشکراو پڕ بە دەم هاوار بکرێ و دەربڕێ، ئەمەش وادەکات وێنەی کارەکتەر لای خوێنەر ڕوون دەربکەوێت.

## بەشی دووەم: ٢/ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان" دا:

ئەگەر ڕەهەندەکانی کارەکتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕۆڵی گرنگیان لە بونیادی کارەکتەردا هەبێت، ئەوا شێوازی پێشکەشکردنەکەشی ڕۆڵی خۆی لە ناساندنی کارەکتەرەکاندا هەیە و ڕۆماننووس بە هۆیەوە وێنەی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەکێشێ، بۆ ناساندنی کارەکتەر بە کۆی ڕەهەندەکانییەوە، نووسەر ئەم دوو شێوازی بەکارهێناوە ئەوانیش:

### ١-٢ ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆ:

ئەم شێوازە پەیوەستە بە حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە، واتە پێشکەشکردنی کارەکتەر زیاتر وەسفیی دەبێت، لەم شێوازەدا وێنەی گشتی کارەکتەر دەکێشرێت بۆ خوێنەر، گێڕەرەوە ڕاڤەی هەست و سۆز و پاڵنەری کارەکتەر دەکات و شیکردنەوەیان بۆ دەکات. ئەم شێوازە لە ناساندن لە ناو ڕۆمانەکەدا بەراورد بە شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ کەمتر کاری لەسەرکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکە لەم شێوازەش بێبەش نییە، بۆ نموونە گێڕەرەوەی بابەتی بەم چەشنە وێنە (هیوا) ڕووندەکاتەوە "...دەیویست تا ئەو ئاستە بەرز بێتەوە، کە دووربیخاتەوە لەوەی چۆن پێشتر ژیاوە و چی لە مێشکیدایە و یاخود لەو ساتەدا بیر لەو شتە ترسناکانە دەکردەوە، کەچی وشەکانی ناو مێشکی گزییان لێدەکرد، ناوی تری لە شتەکان دەنا، ڕووداوەکانی ئەم ساتەی پێی ئاشکرا دەکرد و هەستی پێدەردەبڕی، لە کاتێکدا لەلای ئەو پێش ئەوەی بنیادەم بە دوای خۆیدا بگەڕێ، بە دوای وشەدا بگەڕێت، تاکو شتە قورسەکانی پێدەربڕێت کەسی وەك ئەو تا مردن بەدوایدا دەگەڕێن. ناشبێ بدۆزرێتەوە، چونکوو هەر دۆزینەوەی دەکاتەوە ئەوەی کە بە ڕاستی بوونی نییە، خۆشی وەك ئەو وشەیە دەهاتە پێشچاوی، کە نەدەبوو بدۆزرێتەوە"(سەلمان،٢٠١٥:٤١٣). بەم جۆرە کارەکتەرسازییە بابەتییە حیکایەتخوان وێنەی "هیوا" لەچەشنی هەواڵدا دووبارە بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە، بەوەی ئەو کارەکتەرە دەیەوێت لەو توندووتیژییەی کە لە ڕابردوودا بینیوێتی ڕزگاری بێت لە ئێستایەکی ئارام لە کۆشکدا بژی، بەڵام خەیاڵی ڕزگاری نابێت لەو تووندوتیژییە لەگەڵیدا هەر بەردەوامە، جگەلەوەی خۆی وەک ئەو وشەیە دەبینێ کە نابێت بدۆزرێتەوە، چونکە دۆزینەوە کۆڵدانە لەوەی، ئیتر بەدوای هیچدا ناگەڕێت، بەڵام کە لەناو پرۆسەکەدایە ئەمە بۆ خۆی هاندانە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی نایەوێت بیدۆزێتەوە، لەوانەیە ئەم جۆرە گەڕانە هەتا مردن لەگەڵیدا بێت و پەیوەستە بە گەڕانێکی وجوودیی سەیر لە ناخی هەر یەکێک، مەرج نییە هەموو کەس هەستی پێبکات، یان بزانێت کە دەگەڕێت، بەڵام بە نهێنی شتێک لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە پێی دەڵێت، ئەگەر درۆ لەگەڵ دەوروبەریشیدا بکات ناتوانێت لەگەڵ خۆی درۆ بکات. بە واتەیەکی دیکە ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت کە "سوبێکت بۆشاییەکە پڕناکرێتەوە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی پڕکردنەوەیداین، واتە پرۆژەیەکە ناگاتە کۆتایی، سوبێکت دوا شێوە و فۆڕمی نییە، بیگەینێ و دەستنیشانیبکەین"،(عەلی،٢٠٢١:١٠٠). لەلایەکی ترەوە نووسەر بوونی مرۆڤ و دۆزینەوەی خود لە گوزارشتکردندا دەبینێتەوە، چونکە پارچەی بوونی هەر کارەکتەرێک لە ناو زماندا کۆ دەکرێتەوە، واتە پارچەکانی بوونی خۆیان لەناو حیکایەتەکاندا، واتە لەناو زماندا دەدۆزنەوە ، هەروەک (هایدگەر) پێی وایە زمان، ماڵی بوونە دەڵێت" گوتار لە ڕووی بوونگەرانەوە زمانە، چونکە ئەو هەبووانەی لە ڕوونکردنەوەدا دەردەکەون و ئاماژەیان بۆکراوە لە نێو جیهاندان"، (هایدیگەر،٢٠٠٧:٢٣٧). ئێمە لە ڕێی گوتنەوە، تێگەیشتنمان بۆ بوون لە جیهاندا ڕوون دەبێتەوە، گوتن ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش بریتییە لە بوون کاتێک لە ڕێی زمانەوە دەردەکەوێت، بۆیە بەشێوەیەکی تەواوەتی وشە نادۆزرێتەوە بۆ گوزارشکردن، سەرئەنجام بوون و خودش نادۆزرێتەوە، وەک لای ئەم کارەکتەرە دەبینرێت.

هەروەها گێڕەرەوەی سەرەکی(بابەتی) کەسێتی (مەردۆخ)مان بۆ دەخاتەڕوو بەوەی کە نازانێت وێڵی چییە لە ژیانیدا، سەرەڕایی ئەوەی بەردەوامە لە گەڕان دەڵێت"مەردۆخ خۆی وا دەبینێ، کە بە چاکی خۆی ناناسێت، ئەگەرچی ئەوەی بە چاکی دەیزانی، دوو شتە لە ژیانیدا، یەکێکیان کە لە هەموو ژیانیدا بە دوای شتێکدا گەڕاوە و دەگەڕێ هەرگیز نازانێ چییە ڕەنگە شوناسی بێت وەک مرۆڤێک، ئەوی تریشیان، کە خۆی بە کەسێکی سادە و ساکار دێتە پێشچاو و هیچ پەیوەندییەکی بەم هەموو ئاڵۆزییەی ئێرەوە نییە، هەرچەند لێشیان ورد بێتەوە، ناتوانێ لێیان حاڵی بێ"،(سەلمان، ٢٠١٥:١٢٣). گێڕەرەوە وێنە (مەردۆخ) بەجۆرێک دەکات، کە خۆی ناناسێت، چونکە ناسینی خۆی

ڕێگایەکە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لەبەرچاویدا ڕوون و ئاشکرابن، جگەلەوەی مرۆڤ هەمیشە بەدوای شتێکی نەزانراودا وێڵە، کە لە پشتی هەموو سەفەرەکەیەوە، دەنگێکی نەزانراو لە ناخیدا نا ئارامی دەکات، بەڵام درکیشی پێناکات ئەم دەنگەی ناو ناخی چییە؟ نەدەزانرێت ئامانجی چییەو چۆنیش پێیدەگات؟، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەم کارەکتەرە، ژیان لای تێپەڕیوە و ماناکەی نەدۆزیوەتەوە، هەربۆیە هەموو شتەکان لای ئەم ئاڵۆزە و تێناگات چۆن لەگەڵ ئەم دۆخە بگونجێت.

لەنێو کارەکتەرە ژنەکان ڕۆماننووس لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کارەکتەر بەشێوازی ڕاستەوخۆ و گێڕەرەوەی بابەتییەوە کەسێتی (زۆزان)مان بۆ دەخاتەڕوو وەک کچێکی یاخی، هەموو قوربانییەک لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا دەدات و دەستبەرداری خێزان و کەسوکاری دەبێت، ئەمەش وای کردووە وەک کچێکی یاخی لە هەموو نەریتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەربکەوێت، گێڕەرەوە بەم شێوەیە بۆ خوێنەری دەخاتەڕوو "ئەو ئێوارەیەشی کە هیوا ناو بۆ هەتا هەتایە لە گوندەکەیان ون بوو، زۆزان بڕیاری هاتە سەر ئەوەی کە ئەویش لە دونیا یاخی بێت و دوای ئەو بکەوێت، بە هیچ شێوەیەک نەیویست دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییەببێت... ئەگەر لافاوی خوێنیش پێشی بگرێت، هەر نەوەستێت. دڵی لەت لەت ببوو، لێ، لاواز نەببوو"، (سەلمان،٢٠١٥: ٤١٦). جگە لەوەی هەر بەم شێوازە لە ناساندنی کارەکتەر ڕەهەندی دەروونیشی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو "هەست دەکرا زەینێکی تیژی لە کاسەسەریدا هەڵگرتووە. لەو ژنانە بوو، کە دەڵێن لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی ڕزگاردەکات، نە باوبۆران، نە ئاگر و نە بەفر، ڕێی لێ نەدەگرت بگاتە مەبەستی، پێشبینیی هەموو مەترسییەکیشی دەکرد و خۆی بۆ ئامادە کردبوو"،(سەلمان،٢٠١٥: ١٢٣). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە ناساندنەوە کەسێتی زۆزان خراوەتەڕوو بەوەی هیچ بەربەستێک ڕایناگرێت لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بۆیە وەک کارەکتەرێکی بەهێز و خۆڕاگر بۆ خوێنەر وێناکراوە، لەهەمانکاتیشدا وەک کچێکی ژیر کە لێکدانەوەی بۆ هەموو ئەو پێشهاتانەکردووە کە ڕەنگە بێتە پێشی و خۆی بۆ ئامادە کردووە، پێشکەش بە خوێنەر کراوە.

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی کارەکتەرسازیی ڕاستەوخۆ، وەسفی مەتریاڵی و جەستەیی کارەکتەرە، حیکایەتخوان سود لە وەسفکردنی باڵا و دەموچاو و جلوبەرگ و سیمای دەرەوەی کارەکتەر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی وێنەی بەرجەستەی ئەو کارەکتەرەمان پێشکەشبکات، هەر بۆیە گێڕەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی بابەتییەوە بەم جۆرە وەسفی ژنەکانی ناو تابلۆکەی نێو کۆشک دەکات"بە وردی تەماشای ژنەکانی کرد، لە وێوە دەستی پێکرد، کە ژنێک قژی درێژ و پەخشکردبوو، هەرچەندە لێی ورد دەبووەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەمە بە ژنی گوند ناچێت، ئەم جۆرە ژنانە، تەنها لە سەردەمی ڕەسەنی شارێکدا بوونیان هەبووە، ژنی دەشتەکی هەرگیز ئەو جۆرە ڕووخسار و بەرگ و ڕێکخستنی قژەیان نەبووە،... وێنەیان هێندە تەلیسماوییە، هەرگیز بەوە ناچێت ڕۆژێ خۆشیان ببینیێت، دیسان تەماشای نێوچاویانیکرد، هیچ ژنێکیان چاویان بۆ نەکرابوو، بەوە دەچوو، وێنەکێشەکە دەربڕینی تیایاندا سڕیبێتەوە "،(سەلمان،٢٠١٥: ٢٧٦). ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، حیکایەتخوان سیمای دەرەوەی کارەکتەری بەرجەستەکردووە، لەبەرئەوەشە جێناوی کەسی (ئەو) بۆ پێشکەشکردنی وەسفەکان بەکارهاتووە، وێنەکەش زیاتر مادی و بابەتییە، تابلۆکە نیشانەیە بۆ هەزاران ژنی ئەنفال، کە یەک ڕوخساریان بۆ دروستکراوە و لە هەموو ئەو ژنانەدا دووبارە دەکرێتەوە، کە بێ وێنە ماون و بێسەروشوێنن، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە وەسفی ئەم تابلۆیەدا بۆ جەستەی ژنەکان لە لایەن وێنەکێشەکەوە چاوی بۆ ژنەکەکان دروستنەکردووە، نەبوونی چاو لەم تابلۆیەدا واتە خودی دەربڕین مەبەستە نەک چاوەکە وەک ئۆرگانێک. نەبوونی دەربڕین ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسەر جەخت لە گشتی بکات نەک لە تایبەتی، واتە ئەو ژنانە لە دۆخێکی گشتییدان کە کارەساتی ئەنفالە و هەموو یەک سیمای کارەسات کۆیان دەکاتەوە، جگەلەوەی نەبوونی دەربڕین ئاماژەیە بۆ گەورەیی کارەساتەکە، کە مرۆڤ لە ئاستیدا توانای دەربڕینی نامێنێت، چونکە هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێت"هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە، کە کێشەی ئەنفال کورتدەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی توانای خۆیان لەسەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لە پەیوەندیی ئەنفال و زمان، کە زمان هەمیشە تێیدا دۆڕاوە، لە کاتێکدا دەبێت چەقی قورساییمان لەسەر ئەوەبێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوە نییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕووداوەکەدا بمێنێتەوە و لەویادا گیربخۆن، بەڵکو ئەوەیە کە جارێکی دیکە لەو دیوی ڕووداوەکەوە تیشک

بخەنەسەر ماهییەتی ژیان، سەر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەر مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا"،(عەلی،٢٠١٥:١٠٣). ئەمەش هەر ئەو هێڵە سەرەکییەیە، کە دەقەکە کاری لەسەر کردووە، کە چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی ژیان و پەیوەندیی مرۆڤەکان و مانای ژیان و بوونە لای تاک لە قۆناغی دوای ئەنفالدا.

هەروەها گێڕەرەوەی بابەتی بەم جۆرە کارەکتەرەکانی ناوکۆشکمان پێدەناسێنێت، کە کۆشک لەم ڕۆمانەدا نەخۆشخانەیەکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو مرۆڤانەی تێکشکاون و لەناو وێرانەدا ناسنامەی خۆیان ونکردووە، لە ڕێگەی وەسفێکی جەستەییەوە بەم جۆرە کارەکتەرەکانی ناو ئەم کۆشکە پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن"هەر هەموو بە پەیکەری کەسێک دەچوون، ڕاستریشە بڵێین، کە بە کەڵلە شەکری ساغ دەچوون، بەشی خوارەوەی قاچیان و بەشی سەرەوەشیان هەموو بەیەك دەچوو، دەتگوت یەك لەسەر یەکیدی گیراوەتەوە، چاویان هێندە تیژبوو، بە چاکی هەموویانی بینی"،(سەلمان،٢٠١٥:٩)، لەبەر ئەوەی دنیای ناوکۆشک جیاوازە، بۆیە بە چوونەناوکۆشک وێنەکە دەگۆڕێت، چونکە لە کۆشکدا هەموو چەمکەکان جیاوازن و داهێندراونەتەوە، ئەمەش لە خەڵکیتر جودایان دەکاتەوە. وەک ئەوەی ئەو پیاوانە بە یەک بۆچوون و یەک پرەنسیپ و یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە، وەک گێڕەرەوەی سەرەکی دەڵێت"هەموو دژ بەدەرەوە، یەک بەرگیان لەبەردا بێت، یەک جۆر هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان هەبێت. ئەمانە، تەنانەت شێوەی ئاخفتنەکانیشیان شێوازێک بوو لە دەربڕین، دژ بە دابەشبوونی خەڵکی شار و شارۆچکە و گوند و ئۆردوگا و بگرە گەرەکیش"،(سەلمان، ٢٠١٥:٢٨٢). بۆیە لە نێو کۆشکدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە و جێهێشتنی توندوتیژیی و جەنگەکان، وە بە تێڕوانینێکی قووڵتر بۆ ژیان و واتای دەوروبەر و ڕاستی و بەختەوەریی مرۆڤەکان دەژین، لە لایەکی دیکەوە ڕۆماننووس ڕەخنە لەو دابەشبوونە سیاسییە دەگرێت کە لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆی بوارەکانی ژیانی لە کۆمەڵگەی کوردی گرتۆتەوە.

## ٢-٢ شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ:

لەم شێوازەدا ناساندنی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە یان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دەقی ڕۆمانەوە دەبێت، واتە گێڕەرەوەی بابەتی دەکشێتەدواوە و گێڕانەوە بۆ کارەکتەرەکان خۆیان بەجێدەهێڵێت، بۆیە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و قسەکردنەوە خۆیان بەخوێنەر دەناسێنن و لایەنە شاراوەکانیان دەردەخەن و نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن.

یەکێک لەو شێوازە گرنگانەی کە لە ڕۆماندا بایەخی پێدەدرێت لە خستنەڕووی کارەکتەر و چونیەتی ناسینی کارەکتەردا، ناساندنی کارەکتەرە لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە، ئەم شێوازە ڕێگەخۆشکەرە، کە کارەکتەر ڕاستەوخۆ باسی باری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و هزریی خۆی بکات، لەم شێوازەدا کارەکتەر خۆی بەشدارە لە ڕووداوەکان و لە ڕێگەی هەڵوێست و ڕەفتارەوە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت. ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکەدا زیاتر بەکارهاتووە بەراورد بە شێوازی ڕاستەوخۆ، چونکە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە،، پڕن لە وتن و بیرکردنەوە و خۆدەربڕین، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەریەک لەم کارەکتەرانە هەڵگری چیرۆک و پاشخانێکی تراژیدین و دەیانەوێ ئەو چیرۆکانە بگێڕنەوە و گوزارشت لەو دۆخە دەروونییان بکەن، کە لە ئەنجامی تراژیدیاکانەوە بەسەریاندا هاتووە، ئەمەش وای کردووە، زۆرتر کارەکتەرەکان خۆیان بدوێن و گوزارشت لە ئازارەکانیان بکەن، بۆ نموونە (سەکینە) کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە، لەسەر زاری خۆیەوە پێناسی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کاتێک بە (ئادەم)دەڵێت"وەک خۆت وت کاتم پێویستە تاکوو بە خۆما ئەچمەوە، منش ژنێکی تەنیام، تەنیایی من لەوەی تۆ سامناکترە، بە کەسێکی زل و درێژ ئەچم، کە جێی لە هیچ شوێنێکا نابێتەوە، یان بە کەسێکی زۆر زۆر کورتە باڵا ئەچم، کە لە بەر بچووکی هەموو کەس ئەیشێلێ، داریش کە کەوت یان بڕیتەوە، پاش ماوەیەک وشک ئەبێت، من ئەو کەسە زل و بچوکەم و ئەو دارە بڕاوەیەشم، ئێستاکەش کە تۆ ڕازی دڵتم بۆ ئاشکرا ئەکەی، پەشۆکانمت، خەریکە سەرم لێ بشێوێ، لێم تێبگە، ئەمە ئێجگار سەختە بۆ ژنێک لە تەمەنی منا گەڵێک قورسە لەم دۆخەی ئێمە تیاین..."،(سەلمان،٢٠١٥:٣٧٩). لە سەرەتای گفتووگۆکەدا (سەکینە) تەنیایی خۆی بە دۆخێکی سامناک ناودەبات، چونکە یەکێک لەو نەخۆشییە دەروونییانەی کارەساتی

ئەنفال بۆ مرۆڤی کوردی هاوچەرخی دروستکردووە، نەخۆشی خامۆشییە، خامۆشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییە، مرۆڤ بە هۆی هەندێ فاکتەری دەرەکی وەک فشاری ڕامیاریی یان تەنگووچەڵەمەی کۆمەڵایەتی یان نالەباریی باری ئابوریی ژیانی مرۆڤ دوچاری دەبێتەوە، ئەو کەسەی دووچاری خامۆشی دەبێت زیاتر لایەنی گۆشەگیریی زاڵدەبێت بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانییەوە، کاریگەرترین لایەنی خراپ بەسەر ژیانی مرۆڤەوە دیار نەبوونی چارەنووسیەتی، ئەوانەی لەو کارەساتە ڕزگاریان بووە تووشی خامۆشی و مات و مەلوولی ئازاری دەروونیی وسەرلێشێواویی بوون و سەدان کێشەیان بۆ هاتۆتە پێش، جگەلەوەی سەکینە کە دایکی دووکچی گەنجە، بەنیاز بوو یەکێک لە کچەکانی و دووخوشکەزای بگەیەنێتە لای دەزگیرانەکانیان لە لادێیەکی گەرمیان، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کارەساتی ئەنفال ئاراستەی ڕۆشتنیان دەگۆڕێت بۆسەر سنور. ئیدی کە بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتە ماڵی(ئادەم) و لە ماڵی (وەستا/ ئادەم) دەژین، لێرەدا جۆرێک لە هەستی خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە)و(وەستا) دروست دەبێت، لە هەمانکاتیشدا ناتوانێت چارەنووسی هەردوو کچەکەی و خوشکەزاکانی لەپێناو خۆشیی بسڕێتەوە، بێجگە لەوەی ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەردا هاتووە. وێناکردنی خۆی بە کەسێکی زۆر گەورە و زۆر بچووک مەحاڵیی ئەو بیرۆکەی خۆشەویستییەیە، کە جێی نابێتەوە لە کۆمەڵدا، مەگەر بە تێپەڕبوونی کات و هەتا ڕادەیەک ئاساییبوونەوەی ڕووداوەکان، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕێگەپێدراو نییە، کە ژنێک لە قۆناغی کاملێیدا باسی خۆشەویستی بکات و پیاوێکی خۆشبوێت، هەر بۆیە دواتر خۆی دەچوێنێ بە دارێکی وشک بوو، وەک ئاماژەیەک بۆ وشکبوونی هەموو خەونەکانی و زەردبوونی سەوزی ژیانی.

ناساندنی کارەکتەر بەم ڕێگەیە گرنگە، چونکە زانستی دەروونناسیی ئاماژە بەوە دەکات ناسینی کەسێتیی کەسەکان بەستراوە بە کار و کاردانەوەی کەسەکانەوە، بۆیە ناسینی کارەکتەر لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە دەبێتە هۆی زیاتر قەناعەتپێهێنانی خوێنەر بە ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر، ئەمەش زیاتر لەو ڕەفتارەی (ئادەم/وەستا)دا دەردەکەوێت، کاتێک دەیەوێت ماڵەکەی خۆی بۆ ژنەکان بەجێبهێڵێت، چونکە شوێنێکی ئارام لە دەرەوە بۆ ژنەکان نییە، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هۆکاری جێهێشتنەکەی هەڵپەرستیی نییە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوەیە، دەڵێت"من پیاوی تەنیایی وشەوم،...من گورگێکی تەنیا نیم لە نەبوونی مێگەلێک هەر بلوورێنم، نە تۆپەڵە بەفرێکی جێماوم بەسەر لووتکەی شاخێکەوە لە سەرمادا هەر خۆمی پێوەبگرم، نە کەسێکیشم پەنای بۆ نوێژ بردبێت، تاکو یاساکانی ئەو دونیام پێ پڕبکاتەوە، من لێرەم لەم دونیایە، قاچم بە چاکیی لە ناو ژیانە، خۆم بە ویستی خۆم دونیای خۆمم پڕ لە واتا کردووە، تا ئەم ساتەش کە لەگەڵ تۆم، بەدوای هیچ شتێکدا نەگەڕاوم، من گەشتی خۆمم بۆ هەموو شوێنێک بە ئاسانی کردووە، هەر بۆیە لەوەش تێگەیشتم، کە لە هیچ کوێیەک ئاسایش نییە"،(سەلمان،٢٠١٥:٣٧٨). لەم گفتووگۆیەدا (ئادەم ) وێنەی خۆی بە ڕوونی بۆ خوێنەر دەکێشێت لەسەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات کە پیاوی تەنیایی و شەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ دۆخی تەنیایی ئاشنایە و خۆی تێدا دۆزیوەتەوە هەم ئاشنای شەوە، ئەمەش واتە بەرگەگرتنی دۆخە تاریکەکان، پاشان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هۆکاری ئەم هەڵوێستەی لە هەڵپەرستیی و ناچارییەوە نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە دەیەوێت لەم دۆخە ئارامەی ئێرە زیاتر لە خۆیان بگەن، پاشان بڕیاربدەن، سەبارەت بەم هەڵوێستەی وەستا، (شەونم یەحیا) دەڵێت"لەڕووی فەلسەفەی کۆمەڵناسییەوە باس لە گەشبینی و ڕاستگۆیی و شکۆی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەکات، بۆ ئەوەی بوون و بەهاکانی خود بە ڕێگایەکی ئەخلاقیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە تایبەت ئەو کاتەی تاک لە حاڵەتێکی دژواردایە و پێویستی بە وانیترە، یاخود کەسایەتییەکی وەک وەستا کە خۆی تەنیایی هەڵبژاردووە"،(یەحیا،٢٠١٩:١٧). بە واتایەکی دیکە(وەستا) پێمان دەڵێت بەهاکان مرۆڤ هاناندەن و بەرەو ئاراستەیەك نایانبەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆکارن کە مرۆڤ بەرەو خودی خۆی دەباتەوە. کاتێك دەڵێین کە مرۆڤ بەهۆی بەهاکانەوە دەجوڵێ، لەوێدا شتێك شاراوەیە ئەویش ئەو حەقیقەتەیە کە هەمیشە بۆ تاك ئازادیی هەڵبژاردن یان دیاریکردن پەیدادەبێت، ئازادیی لەپەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەوڵەکان، ئازادیی لە هێنانەدی یان ئاشکراکردنی مانا شاراوەکانی دەروونی خۆی، یان نەبینینی ئەو مانایانە، بۆیە ئەم کارەکتەرەش بە ئازادیی ئەم جۆرەی لە شێوازی ژیانکردن و گەڕانەوە بۆ خود هەڵبژاردووە، لەهەمانکاتیشدا هاوکاری ژنەکان دەکات، تەنانەت ئەم یارمەتیدانەشی لەڕوانگەی دینداری و بیرکردنەوە لە دنیایەکی تر نییە، بەڵکو تەنیا لەپێناوی بەهای مرۆڤایەتییە. هەروەها (ئادەم/وەستا) لەسەر زاری خۆیەوە داوا لە(سەکینە) دەکات، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لێی بڕوانێت،

ڕووکەشانە بڕیاری لەسەر نەدات دەڵێت"منیش ئەوەنە داوایەم لێتە، کە بە چاکی بمبینی، من لەوکەسانەم، کە بەرامبەرەکەم بە باشی ناتوانێ زوو بمناسێت، دڵکرانەوە و ڕاشکاویم وا دەکات، یەکسەر حوکمی سادەی هاکەزایی بەسەرما ببڕنەوە، بۆیە تەنها داوام ئەوەیە لێت، کە بە چاوی ناوەوەت تەماشام بکە".(سەلمان، ٢٠١٥:٣٥٩). لەم داوایەدا (ئادەم) کەسێتی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، بەوەی کەسێکی ڕاشکاو و دڵکراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرەکانی دیکە ناتوانن بە کاتێکی کەم لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی بگەن، چونکە بۆتێگەیشتن لە بیرو بۆچوونەکانی پێویستە قووڵتر لەگەڵی بدوێن .

هەندێکجار کارەکتەر لەم شێوازەی ناساندندا، گرنگترین و ئاڵۆزترین کێشە دەروونیی و هزرییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات، خوێنەر ڕاستەوخۆ گوێی لە دەنگی کارەکتەر خۆی دەبێت، بێئەوەی چاوەڕێبکات کە حیکایەتخوانێک، یان کارەکتەرێکی دی بێت و شیکردنەوە بۆ گرفتەکانی بکات، (مەردۆخ) وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، کاتێک دەگاتە کۆشک لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە ڕوو دەکاتە (ئادەم) و هەموو پیاوانی کۆشک و دەڵێت" وای بۆ ئەچم، کە شتێک لێرە کۆی کردووینەتەوە تا شێوازێکی بونیادگەر بە بوونمان بدەین بە کورتی، ژیان بخەینە بەر وەرزە وشکەوەبووەکان، ...با بەڕاشکاوی بڵێم ئێمە بوونمان نییە، لە وانەشە ئەمە لە هەستێک تێنپەڕێ، کەچی بەسەرمانا زاڵە. هەڵهاتنمان بە هەر هۆیەکەوە بووبێت، گەڕانە بەدوای مانایەک"،(سەلمان،٢٠١٥:٢٠٨). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنەوە تایبەتمەندیی زۆرێک لە کارەکتەرەکان خراوەتەڕوو، بەوەی کە کارەکتەرەکان دوای شاڵاوی ئەنفال ناسنامە و بوونی خۆیان لێسەنراوەتەوە، دەیانەوێ بە شێوازێکی بنەڕەتی بوون و ناسنامەی خۆیان سەر لە نوێ بونیادبنێننەوە و ژیان بە شێوەیەکی نوێ دەست پێبکەنەوە، بە واتەیەکی دیکە ئەمە بانگەوازێکی بوونگەرانەیە، چونکە ڕەوتی بوونگەرایی ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بڕوانێتە خودی خۆی، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو بوونی تایبەتی خۆی و بتوانێت ببێتە خاوەن بوونی سەربەخۆی خۆی. ئەمەش هەمان ئەو تەوەرەیە کە لە کۆشک کارەکتەرەکانی بۆ پەروەردە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی کارەساتەکە مەزنە، بۆیە تاڕادەیەک لە قۆناغی شۆکدان و هێشتا بەرچاوڕوون نین، بە واتەیەکی دی شێوازی بونیادگەرانە بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆیان پێڕەوی لێ دەکەن، هەموو کارەکتەرەکان دوای شەڕ ناسنامە و بوونی خۆیان بزرکردووە، بە واتەیەکی دیکە لێیان سەنراوەتەوە، پارچەبوونی هەر کارەکتەرێک لەناو زماندا کۆدەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەی بەسەرهات و حیکایەتی خۆیان، واتە کاتێک کارەکتەر لە ڕێی زمانەوە گفتوگۆ دەکەن و بیرکردنەوەی خۆیان دەردەخەن، ئەوە بوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقە( بێڤەر- زۆزان)ە، کە لە سەر زاری خۆیەوە خۆیمان پێدەناسێنێ، بەوەی ئامادەی هەموو قوربانی دانێکە لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا، جا بەلایەوە گرنگ نییە بە پێی نەریتی کۆمەڵایەتی بە کەسێکی لادەریش دابنرێت، بۆیە کاتێک دەگاتە لای ژنەکان و پرسیاری هۆکاری گەیشتن بەم شوێنەی لێدەکرێت، لە وەڵامدا دەڵێت"...تێئەگەن بەدوای چی و بەدوای کێدا کەوتووم؟ ئەگەر ئەمە لەلای ژنی وەک ئێوە بێحەیایی و بێشوورەییە و بە ڕێلادان سەیری ئەکەن، دەی ئەوە من گەلێک بێشەرمم و لە هەرچی ڕێی ئەم دنیایەیە، لام داوەو ڕێی خۆمم گرتۆتەبەر، بۆ ئەوەی بێحەیایش بێت لە ڕووتان، پێتان ئەڵێم قەت قەت وازی لێ ناهێنم"،(سەلمان، ٢٠١٥:٢٣٥). لێرەدا ناسنامەی ئەم کارەکتەرە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئافرەتێکی یاخییە، چونکە ئەم کارەکتەرە بێگوێدانە نارەزایی و تانەو توانجی کۆمەڵایەتی خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، یاخی دەبێت لە هەموو نەریتەکان، هەوڵی گەیشتن بەخۆشەویستەکەی دەدات، بەڵام بە گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی دەمرێت. ئەم مردنە کۆتایی بە گەڕانەکەی دەهێنێت. هەروەها (سەکینە) لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە، باس کەسێتی خۆی و (مەندان)ی خوشکی دەکات لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، کە هەم لە ڕابردوودا تەنیابوون و پێشبینیش دەکات کە لە داهاتووشدا هەر بە تەنیایی بمێننەوە، وە هاتنشیان بۆ خانووەکەی(وەستا)، بە جۆرێکی تر تەنیایان دەکات، چونکە خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە و وەستا)دا دروستبووە، بەڵام (سەکینە) لەبەرئەوەی لە لایەک لە کارەساتێکی وەک ئەنفال ڕزگاری بووە و هێشتاش کاریگەری لەسەر ماوە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی تەمەنی هەڵکشاوە وکچەکانی گەورەبوون هەموو ئەمانە ڕێگرە لەم خۆشەویستییە، دەبێت یەکێکیان ئەوی تریان جێبهێڵێت، سەرئەنجام (وەستا) وێڵ دەبێت، ئەمەش جۆرێکیتر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە تەنیایی لای (سەکینە) دروستدەکات، "سەکینە لە دڵیدا وتی"تەنیایی بنیادەم ئەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی، دۆخی ئەم وەستایە، هەلومەرجی خۆم و مەندانم ئەهێنێتەوە بیر، ژیانی پێشوومان، بەوەش ئەچێت داهاتووشمان، هەر بە دەزووی تەنیایی بتەنێتەوە، ... ئەم هاتنەی ئێمە، ڕێخۆشکردنە بۆ شێوەیەکیتر لە تەنیایی، ئەو هەموو شەوەی بەدەم یەکەوە گرێداوە و لە ناویانا بۆتە گەڕیدە، هەرچی بیروڕای کەسانیترە، کە لە کتێب و چیرۆکەکانا بە جوانی بۆمانی ئەگێڕنەوە، دەرهەق ساتێکی ڕاستی تەنیایی کەسێک نایەن، ئەوەنە بەس نییە تا لە تەنیایی تێبگەی، گەرەکە تیاشیدا بژی، وردە وردە بیخۆی... ئەگەر ئێمەش لە داهاتوودا وەک ئەم لە تەنیاییدا نوقم بین، ئەوا بیروبۆچوونمان گەلێک ئەگۆڕێت" (سەلمان،٢٠١٥: ٣٤٦). (سەکینە) پێمان دەڵێت تەنیا لە دۆخی تەنیاییدا مرۆڤ دەتوانێت لە خۆی وردبێتەوە و تێڕابمێنێ لە خودی خۆی، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ باشتر لە خۆیبگات، پێشمان دەڵێت هەرچی بیروڕای تیۆریی ناو کتێبەکانە وەک ساتێک ژیان لە تەنیایدا نییە بۆ نقووم بوون لە خود، وە پێشی وایە گەر مرۆڤ گەییە ئەم ئاستە لە تەنیایی، ئەوا تێڕوانینی بۆ خود و دنیا دەگۆڕێت، جگە لەوەی هۆکاری تەنیاییشی لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە بۆ عاشقبوونی بە(وەستا)، چونکە لەم ڕۆمانەدا عاشقەکان یەکدی بەجێدەهێڵن تاکو لە تەنیاییدا بتوانن لە خۆیان و لە ئیشق تێبگەن، بۆیە ئیشق لەم دەقەدا بۆ بەجێهێشتن و بڕیاردانە لە بارەی خۆوە، ئیشق لە پێناو مانا دانەوەیە بە خود و ژیان، لە پێناو بینینە بە چاوێکی جوانتر، بە وردبوونەوە لەم ڕۆمانە بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا مرۆڤ بەوە دەتوانێ مانا بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە، کە ژیانی تەرخانبکات بۆ خۆشویستنی کەسانیتر، بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی، بۆ هێنانەکایەی شتێک، کە مانا و ئامانج بە ژیانی ببەخشێ.

لە نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا(مەردۆخ) زۆرترین گفتووگۆی ناوەکی هەیە، چونکە لە هەموو کارەکتەرەکانی دیکە زیاتر ڕاڕا و گومانکەرە، بەر لە دەستپێکردنی سەفەرەکەی و دەرچوونی لە ماڵ، لە ڕێگەی گفتووگۆیەکی ناووەوە ئەوە دەخاتەڕوو بەهۆی ئەو دۆخەی کە کۆمەڵگەکەی تێدایە، گەر سەفەریش نەکات هەر دەمرێت، بۆیە مردنی لە ڕێگەی سەفەرەکەی هەڵبژارد"لەبەر خۆیەوە وەها بڕیاری دابوو، کە چی دێتە ڕێم، بابێت، ئەگەر لێرە بمێنمەوە، هەر ئەمرم، ڕەنگە بە کوشتن نەبێ، بەڵام بەداخەوە، ئەمرم، با بڕۆم لەوەو دوا شەڕی خۆم بکەم باشترە"، (سەلمان، ٢٠١٥: ٣٨٧). دوای دەرچوونی لە ماڵ و گەیشتنی بە کۆشکی پیاوەکان، کاتێک لەوێ گفتووگۆ لە نێوان (مەردۆخ) و کارەکتەرەکانی کۆشک دروست دەبێت، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی گفتووگۆیەکی ناوەکییەوە بە خۆی دەڵێت چیتر ڕێگە نەدات بە کارەکتەرەکانی دیکە لە ڕێگەی پرسیارەوە بگەنە ناخی و شیبکەنەوە "لە ناکاودا لە خۆی پرسی،" من چیم لێرە؟ کێم؟ چۆن خۆم بۆیان جێهێشتووە، تەواوی ژیانم نەشتەرگەری بکەن؟ بۆ لێیان ئەگەڕێم وەها بە هەوەسی خۆیان ناووەوم شی بکەنەوە؟"، (سەلمان، ٢٠١٥: ١٨٠). لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەردەکەوێت کە ئەم کارەکتەرە لە ڕووی دەروونییەوە چەند ڕاڕا و گومانکەر و نائارامە، کە لە دەوروبە بەگومانە، نایەوێت لە ڕێگەی پرسیارەوە درک بە ناخی بکەن. هەر لە کۆشک لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ترەوە وێنەی کۆشک وەک زانکۆیەکی ژیان دەکات، چونکە کاریگەری گەورەی لەسەر هەبووە، بووە بەهۆی وەرچەرخان و بەرچاوڕوونی لە بارەی سەفەرەکەی، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی "تەنها کارەساتە گەورەکانی ژیان لە شوێنێکی وەها بڕوانامەی بەرز ئەدەنە بنیادەم"، (سەلمان،٢٠١٥: ٢١٢). چونکە مرۆڤ لە کارەساتەکاندا ئەزموونێکی زۆر و گەورە فێردەبێت، کە لە باری ئاسایی ناتوانێ فێری ببێت، هەر ئەمەش وایکردووە، کە کۆشک بە زانکۆ بچوێنرێت لەلایەن ئەم کارەکتەرەوە، چونکە هەموو ئەوانەی لە کۆشکدان بە کارەساتدا تێپەڕیون و هەڵگری ئەزموونی دۆخە سەختەکانن.

فۆرمێکی دیکە لەم شێوازەدا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لە نێوان خۆیاندا گفتووگۆ دەکەن و ڕەهەندی دەروونیی و هزریی و کۆمەڵایەتی یەکتر بۆ خوێنەر دەخەنەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی زانیاریی یان بۆچوونی خۆیان بەرامبەر بە یەکتر، چونکە"دیالۆگ بە شێوەیەکی تایبەتی دەرفەت دەدات کە زانیاریی ڕاستەوخۆ دەربارەی کارەکتەر پێشکەشبکرێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو قسە وەکو جوڵە و بەشێوەیەکی سازکراو بەرەو ئەویتر"(ئەڵوەنی، ٢٠٠٩: ١٤٢). ئەمەش وادەکات لە خوێنەر نزیکتربێت و لە تێڕوانینی خوێنەرەوە زیاتر ڕاستگۆیی تێدا دەبێت. بۆ نموونە لە گفتووگۆیەکی نێوان (مەردۆخ و ژینۆ)دا، ژینۆ بە جۆرێک باس لە کەسێتی (ئادەم) دەکات دەیچوێنێت بە ئەدەب و موزیک، چۆن ئەدەب چێژ دەگەڕێنێتەوە بۆ هەموو شت، (ئادەم)یش بە هەمان شێوە وای لە کارەکتەرەکانی ناوکۆشک کردووە، کە بە چاوی

چێژ و جوانیی دووباره شتەکان ببیننەوە دەڵێت"ئەو دەمەی زۆربەمان هاتین بۆ ئێرە، ئەو زەوق و چێژەی بۆ چاک کردین، بەڕێز ئادەم بەشتێک ئەچێت لە دنیای ئەدەب، چونکە ئەدەب وەک موزیک و هەموو هونەرێکی باڵا، شتێکە کە چێژ بۆ شتەکان چاک ئەکاتەوە و ئەیهێنێتەوە جێی خۆی، وەک بڵێی لە جێ چووبێت یان شکابێت و ئەو بیخاتەوە ئاست خۆی و ڕاستی بکاتەوە. هەر بۆیە تەنها ئەو شێی ئەو هەموو ڕابردووەمی لەبەر ئاگری گەورەیی دڵی وشک کردەوە"،(سەلمان، ٢٠١٥:٨٨). ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا تیشکێکی زۆر خراوەتە سەر پێگەی ئەدەب و هونەر لە گەڕان و دۆزینەوەی خودی تاک و دووباره دەستپێکردنەوە بە شێوەی بوونێکی (ڕەسەن)، هەروەک (نیچە) لە کتێبی(لەدایکبوونی تراژیدیا)دا دەڵێت"مۆسیقا بەرزترین شێوازی میتافۆڕە بە دروستی و ڕەوانی ڕاستی بوونمان پێدەناسێنێت"،(کەمال،٢٠٠٦:١٦٨). ئەمەش بە ڕوونیی لای(ئادەم) دەردەکەوێت، چونکە(ئادەم) لە زۆربەی شەوەکانیدا کاتێک لەگەڵ (ژینۆ)دا دەچووە سەربان و لە ڕێگەی موزیکەوە وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی (ژینۆ)ی دەدایەوە (ژینۆ) لە گفتووگۆیەکیدا دەڵێت"سەرەتا بە ژەنینی شمشاڵەکەی وەڵامی دایەوە، بە پیاسەیەکی دوورودرێژ لە ناخی تاریکیی ئەو سەربانە بیابان ئاسایەدا، شمشاڵەکەی دەنگیدایەوە، بێئەوەی ئاوازێکی تایبەتیشی لێوەبێت"، (سەلمان،٢٠١٥:٤٨٠). ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت بەبێ مۆسیقا ئەستەمە لەوە تێبگەین، جۆرێک لە جوانیی هەیە دەکەوێتە ئەو دیوی توانای وشەوە، دەچێتە قووڵاییەک مرۆڤ بە کۆتایی و بە بێ ناگات، مۆسیقا ئاشکراکردنی سنوری زمان و ئاشکرابوونی بێسنووریی و ناکۆتایی جوانییە، "جوانی و هونەر و مۆسیقا کەرەستەیەکی گرنگی ئازادبوون و بڵندگەرایی مرۆڤن، ئەوانن دەتوانن پارێزەری جوانی بن"،(عەلی،٢٠٢١:٦٩). لەم ڕۆمانەدا ئەدەب و موزیک و تابلۆ بە وردی کاری لەسەر کراوە. هەروەها (ژینۆ)ش وێنەی(مەردۆخ) کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان وەک شاعیرێکی ڕاڕا و نیگەران دەکێشێت، لە گفتووگۆیەکیدا لەگەڵ (مەردۆخ) دا کەسێتی (مەردۆخ) بەم جۆرە دەردەخات، کە کەسێکە بەردەوام نیگەران و بێزار و ڕاڕایە، دەڵێت" وەک ئێمە ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ هیچکوێ! تۆ تەنانەت ئەوەندە بێزاریت، لە شوێنێکا ئۆقرە ناگری، هەربۆیە زووتریش پێم وتی کە تۆ شاعیری، چونکە شاعیری ڕاستەقینە لە هیچکوێ ئۆقرە ناگرێ، بگرە غەم بەرۆکت بەرنادات، دەنا فەرموو...فەرموو پێم بڵێ تۆ بە هیچ کوێیەکی دیکەیا نەڕۆیشتی؟ نەگەیشتی بە جێیەک، دڵت بحەوێنێتەوە؟"،(سەلمان، ٢٠١٥:١٠٢). جگە لە شاعیربوون ئەم دۆخەشی وەک لێکەوتەیەکی جەنگ و کارەساتەکانە، چونکە هەر کاتێک ئارامی و ئاسایشمان لە دەستدا، تووشی دەبین، یان لە کاتی هەستکردنمان بە مەترسی و هەڕەشە ئەم دۆخەمان تووش دەبێ، ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بە هیچ شتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە. کەواتە لەڕێگەی ئەم جۆرە لە پێشکەشکردنەوە وێنەی کەسێتی(ئادەم و مەردۆخ) بۆ خوێنەر دەخرێتەروو کە ئەدەب دۆست و هونەر دۆستن، تەنانەت مەردۆخ شاعیریشە.

هەروەها لە گفتووگۆیەکی نێوان (سەکینە و بێڤەر)دا بێڤەر کەسێتی (وەستا/ئادەم) بۆ خوێنەرو (سەکینە) دەخاتەڕوو کە دوای ساڵانێکی زۆر تا ئێستاش لە چاوەڕوانیی (سەکینە) دایە، هەروەها لە هەمانکاتدا هەڵوێستی (سەکینە)ش دەردەکەوێت کە هەمان هەست و چاوەڕوانیی هەیە بۆ (ئادەم) بەوەی بە تامەزرۆییەوە دەپرسێت (ئادەم )نایەوێت بمبینێت (بێڤەر) بە (سەکینە) دەڵێت" هەموو تەمەنی بە دیار تۆوە دانیشتووە باجی ئەزانی؟ ئەو ئێستا سیگار ناکێشێ ئەشزانێ کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی، یان ئەوەتا خۆت و ئەوانی دی بچن بۆ لای یاخوود..." سەکینە لێی پرسی" ئەوچی؟ بۆ قسەکانت تەواو ناکەی؟ نایەوێ بمبینێتەوە؟"(سەلمان،٢٠١٥)، لێرەدا وێنەی (ئادەم) بە جۆرێک بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، کە سیگارشی نەکردووە بە هاودەمی و نایەوێ دوکەڵیش هاوڕێی بێت، بەڵکو تەواوی ئەو ماوەیەی بە تەنیایی بەسەربردوە، چونکە دەیەوێت لە نێو تەنیاییدا هەم خۆی و هەم (سەکینە) زیاتر ئاشنای خودی خۆیان بن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا لە نێو تەنیاییدا دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و بزانێت کێیە. هەرکات مرۆڤ خۆی دۆزییەوە ئەوکات باشتر لە خۆشەویستیدەگات، هەربۆیە ئەم دوو عاشقە بڕیاری دووریان داوە لە یەکتر، تا بگەن بەم ئاستەی تەنیایی و کانیاوی خۆشەویستییەکەیان زیاتر هەڵقوڵێت، هەر ئەم کارەکتەرە لەلایەن (ئەفسانە)شەوە لە گفتوگۆی لەگەڵ ژنەکان بەجۆرێک دەناسێنرێت کە بە دایکی دەڵێت" تۆ ئەزانی ئەمدیوی تەنیایی چییە؟... ئەم پیاوە تەنیایە، تەنیا، تەنیایی فێری گەڕیدەیی کردووە، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت، بە ویستی خۆی ڕیشەی لە کۆمەڵ هەڵکێشاوە و لە جێیەکی چەپەکی وەک ئا ئەمە، بە تەنیایی ڕواندویەتیەوە، پاشان هەرچی ڕەگی خوونەریتە کە مێشک پاشەکەوتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کردوون، ئەو لێی دەرباز بووە، فێری کردووە دنیای دەرەوە بسڕێتەوە، کە گەیشتووشە بەو پلەی تەنیاییە، ئیدی بە چاکی بیردەکاتەوە، هەرچی پووشوپەڵاشە، لە مێشکی دەری هێناوە و لە جێیانا بیرکردنەوەی قووڵی ڕێکخستووە و بەجوانیی لەسەر یەک سەفتەی کردوون، نابینی لە کەس ناترسیٰ و شەرم لە کەس ناکات"،(سەلمان، ٢٠١٥: ٣٧٤). ئەوەی لە ناساندنی ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو ئەوەیە کە بە تەواوەتی لە دنیای دەرەوە دورکەوتۆتەوە، تەنیایی کردۆتە هاودەمی، چونکە لەناو کۆمەڵگەدا هاوکێشەکە بە جۆرێکە کە مرۆڤ لە ناو قەرەباڵغی و ئاپۆڕای ئەو عەزازیلە بێتە دەرەوە، ئیتر خاوەنی خۆی نییە، چونکە کەسێتی مرۆڤ بەبێ ئەوان هیچی تێدانامێنێتەوە، کەسێتی هەموو دەستکردی ئەوانیدیکەیە، کە بە تاکیان بەخشیوە، بەڵام ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، تا مرۆڤ ئەو سنورە نەبەزێنێت و ئەو خەڵکە دەمامکدار و حەشاماتە لە دوای خۆیەوە بەجێنەهێڵێت، مەحاڵە و هەرگیز ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە، کاتێکش توانی ئەم حەشاماتە بەجێبهێڵێت ئەوکات دەتوانێت بیرکردنەوەی خۆی ڕێکبخات و بزانێت ئامانجی چییە، هەموو شتەکان بەجوانیی ببینێ و خەوشەکانی نێو کۆمەڵ لە هزری دەربکات، کە مرۆڤێکیش گەیشت بەم ئاستە ئیدی گوێ بە توانجی کۆمەڵایەتی نادات و شەرم ناکات لە گەیشتن بەوەی دەیەوێت وەک لای وەستا دەبینرێت.

هەندێکجار لە کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆدا، بە تایبەت کاتێک کارەکتەرێک باسی کارەکتەرێکی دیکە دەکات، دەبێتەهۆی ئەوەی خوێنەر ڕەهەندێک یان زیاتر لە ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر بناسێت، کە لە توانای گێڕەرەوەدا نییە ئەو کارە ئەنجامبدات لە ناو دەقەکەدا، بۆ نموونە خوشکی ویژدان  لە میانەی گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دایکیدا وێنەی (زۆزان)مان بۆ دەکات، بەوەی کچێکی وریا و چاونەترسە و شتەکان لە لای دەبێتە جێگەی گومان و تێڕامان، ساویلکە نییە تاکو هەوڵی خەڵەتاندنی بدرێت، دەڵێت"سەیر بکە، دایکە، ئەم کچە بێفەر ناو، کچێکی نەبان نییە تا لە خواست و نیازی ئێمە تێنەگات، ئەمە لەو جۆرە ئافرەتانەیە، کە گومانکەرە، پێویستیشی بە هیچ نییە، تا لەلای ئاشکرا ببێت کە ئێمە هەموو ڕازین بێتە ناومان، گەر خۆی بیەوێ لەلامان جێگیر ببێت...کچێکی گەنجە، تەمەڵ دیار نییە، وەک خۆشی وتی، چاو نەترسە، ئێ ئێمەش هەر ئەوەمان ئەوێت"،(سەلمان،٢٠١٥: ٢٣١). بەم شێوازە لە ناساندنی کارەکتەر، وێنەی (زۆزان) بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، بە جۆرێک کە خوێنەر پێویستی بە وەسفی تر نییە لە ڕۆمانەکەدا، بۆ ئەوەی لەم کارەکتەرە تێبگات، ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی زۆری نەخوێندووە، بەڵام نەبان نییە هەمیشە لە ڕێگەی گومانەوە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەدات، چونکە سەرەتا گومانکردنی، دواتر هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانە و تێفکرین و تێڕامان دەبێتە هەنگاوێک بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاستیی شتەکان، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموون و جێگۆڕکێی زۆر لە نێوان شوێنە جیاوازەکان لەلای دروستبووە، بۆیە ژنەکان گەرچی ڕێگەیان بە کەس نەداوە لە ماڵەکەیان بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی چاونەترسی و گەنجی و ئازاییەوە دەیانەوێ ئەم کارەکتەرە لایان بمێنێتەوە، بەڵام (زۆزان) بەردەوام دەبێت لە سەفەرەکەی.

هەر لە نێو کارەکتەرە ژنەکان وێنەی کارەکتەری (مەندان) لە ڕێگەی یەکێک لە کچەکانییەوە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا هۆکاری بێهاوسەری ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، کە بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتووە، ئەمەش لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامی نێوان دوو کارەکتەرەوە، چونکە هەندێکجار پرسیاری کارەکتەرێک و وەڵامی کارەکتەری بەرامبەری گەلێ سیفات و ئاکاری کارەکتەرێک بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات، بەمەش خوێنەر زانیاریی زیاتر لەبارەی کارەکتەری جێ مەبەست بەدەستدەهێنێت، ڕەنگە چێژی زیاتر لای خوێنەر دروست بێت، وەک ئەم پرسیار و وەڵامەی (بێفەر) و یەک لە کچەکانی (مەندان) لەبارەی (مەندان) و هاوسەرەکەی "من دڵنیام کە لەبەرئەوەی باوکی من ئەترسا، لە هەمووشتێک ئەترسا، بۆیە دایکم ژیانێکی تری بۆ ئێمە هەڵبژارد، بەڵام قەتیش وای دانەنابوو بگەینەئا ئەم حاڵە، بێفەر ناو لێی پرسی، لەچی ئەترسا؟  لە مردن، لەوەی کە هیچ نەبێت، پاش مردن و قەت چاوی بە ئازیزەکانی نە کەوێتەوە، دایکم بە پێچەوانەی باوکم، هەمیشە خۆی بۆ پیربوون و مردن حازر کردووە. ئێستاش تەماشای بکە، ئەبینی؟ بەردەوام جلی ڕەشی سادەی لەبەرە، بێجگە لە سیگارەکەی دەستی کەس بە مێرد نازانێ"،(سەلمان،٢٠١٥: ٢٤٤). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە خستنەڕووی کارەکتەرەوە لەلایەک کارەکتەری هاوسەری مەندان بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، بەوەی هەمیشە لە ترسی مەرگدا دەژیا، ترسی لە مەرگ، یان بە بیرکردنەوە لە تاڵی مەرگ،

ژیانی تاریک و وێرانکردووە، کە ژیان بۆ خۆی پڕە لە ڕوناکیی و بونیادنان، ئەگەرچی مرۆڤ لە ئەزەلەوە لە مردن ترساوە، چونکە دەزانێت ڕۆژێك دێت دەبێت بمرێت، ئەوەی مرۆڤ لێی دەترسێت مردن نییە، بەڵکو لەوە دەترسێت هەرگیز دەست بە ژیان نەکاتەوە وەک ئەم کارەکتەرە ئازیزەکانی نەبینێتەوە، بیرکردنەوە لە مەرگ ئازار بەخشە، نەک مەرگ خۆی، بەڵام (مەندان) بە پێچەوانەوە هەمیشە ئامادەبووە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیان و ڕووبەڕووی بووەتەوە بە مردنیشەوە، ئەمەش هۆکاری جیابوونەوەیان بووە، جگەلەوەی بەرگرۆشی ئاماژە بۆ لەدەستدانی ئازیزانی لە شاڵاوی ئەنفالدا، هەروەها وەک زۆرێک لە ئافرەتانی ڕزگاربووی ئەنفال بیری لە هیچ پیاوێکی دیکە نەکردۆتەوە تا بیکاتە هاوسەری، هیچ پیاوێک وەک هاوسەر هەڵنابژرێت بۆ هەمیشە.

هەروەها لە گفتووگۆیەکی نێوان (ژینۆ و مەردۆخ)دا، (ژینۆ) کارەکتەری (مەردۆخ)مان بۆ دەردەخات، کە ئیشق لەلای (مەردۆخ)، جۆرێکە لە ترس ناتوانێ بەرگەی نزیکیی بگرێت، بۆیە هەرکات پێیدەگات لێی دووردەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشقە بەجوانیی بمێنێتەوە و هەمیشە بە خەون و جوانیی ئەو ئیشقەوە بژیّ دەڵێت"ئەگەر وایە، کاک مەردۆخ، ئەی پێم ناڵێی بۆ تۆ لەو شوێنە نەگیرسایتەوە، کە ژنێک، ئیشقێک بە پیرتەوە هات؟ مەردۆخ بە دەنگێکی پڕ پەشیمانیی وتی، نازانم، قوربان! بەڕاستی خۆشم نازانم! ژینۆ، وەک تانەی لێ بگرێ، هەر بە چرپە و ئاوازێکی سەرزەنشتی پێی وت"من وای بۆ ئەچم، کە تۆ خەونێکت هەیە سەبارەت بە ئیشق، نەک خودی ئیشق، ئەمە جودایە. بە بڕوای من، تۆ ئەوەندە شێتی ئیشقی، ئەوەندەش لێی ئەترسێی، هەرکاتێک دۆزیتەوە، لێی دوور ئەکەویتەوە. تۆ لەو کەسانەی، کە بەرگەی نزیکیی ئیشق ناگری".(سەلمان،٢٠١٥:٢٨٨). وەک دەردەکەوێت لای ئەم کارەکتەرە ئیشق ئامرازە نەک ئامانج، چونکە ئەم پێی وایە ئیشق ئامرازێکە بۆ بینینی جوانییەکان و دەیەوێت جوانییەکان ببینێت ئیشق تەنیا ئامرازی گەیشتنە بەو ئامانجە، بۆیە هەر کاتێک پێشیدەگات لە ترسی ئەوەی ئەم ئیشقە بگاتە قۆناغی داکشان و چیتر جوانییەکان نەبینێت، بۆیە جێیدەهێڵێت، جگەلەوەی ئەم کارەکتەرە بەرگەی قورسایی ئیشق ناگرێت، چونکە ئیشق وەک هەڵگرتنی شاخێکە لەسەر دوو پەنجە، بۆیە (مەردۆخ) بەرگەی ئەم بارە قورسە ناگرێت.

## ئەنجام:

١-لە ڕۆمانەکەدا هەردوو شێوازی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لە ناساندنی کارەکتەرەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە سەر شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ بونیادنراوە.

٢-حکایەتخوانی ئەم ڕۆمانە لە شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆ پشتی بە وەسفی دەرەکیی بەستووە، زیاتر بۆ ناساندنی کارەکتەری ناکارا و لاوەکییەکان بە کارهاتووە، وەک پیاوانی کۆشک و ژنانی ناو تابلۆکە

٣-لە شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە لە ناساندنی کارەکتەر بە خوێنەر، کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەک"سەکینە، ئادەم" لەم ڕێگەیەوە بە خوێنەر ناسێنراوە.

٤- بەهۆی ئەوەی زۆری کارەکتەرەکان ڕۆشنبیر و خاوەن ئاستێکی بەرزی هزرین، بۆیە دەربڕی خودی خۆیانن و گوزارشت لە ناخ و هزری کۆمەڵایەتی وفەلسەفییەکانیان دەکەن، ئەمەش وایکردووە شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ زاڵبێت بە سەر بونیادی ڕۆمانەکەدا.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


ئەڵوەنی، نجم خالید، (٢٠٠٩)، کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی موکریان.

خەیات، ئاری عوسمان ، (٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنەو ڕوانینی تیۆریی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

سەعید، جەلال ئەنوەر، (٢٠١٣)، گفتووگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووددا(١٩٩١-٢٠٠٣)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی .

عەلی، بەختیار ، (٢٠٢١)، لەدەستدانی ئاسمان، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

عەلی، بەختیار،(٢٠١٥)چێژی مەرگ دۆستی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

هایدگەر، (٢٠٠٧)، شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.


سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


عزام، محمد (٢٠٠٥)، شعريه الخطابا لسرد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

فوستر، آ.م. (١٩٩٤)، اركان الروايه، ت: موسى العاصى، مطبعه دار جروس، طرابلس، لبنان.

قاسم، سيزا احمد ، (١٩٨٤)، بنا الرواية- دراسة مقارنة الثلاثية نجيب محفوظ، مطبعة الهئة الصرية للكتابة، قاهرة.


نامەی زانکۆیی:


ئیبراهیم، خالید قادر، (٢٠١٦)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان)دا، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.

حەمە بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق، (٢٠١٩)، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی(١٩٩٥- ٢٠٠٥)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی دکتۆرا.

عومەر، عەونی ئەمین عومەر، (٢٠١٥)، بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فرهاد پیرباڵ)دا بەنموونەی (مولازم تەحسن و شتی تر) و (هۆتێل ئەوروپا)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.